# بابەت و خەڵات

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
Kardo_van@yahoo.com

لە دوو دەیەی ڕابردوودا سینەمای ئێرانی لە ڕێی فیستیڤاڵە سینەماییەکانەوە توانی خۆی لە جیهاندا بناسێنێت و شێوازێکی تایبەت بە خوی نیشان بدات.گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە خۆی لە سادەیی بابەتدا دەبینێتەوە کە بە بودجەیەکی کەم و بە تاخمێکی سادە لە ئەکتەران و کادیرانی بوارەکانی تر وێنەی دەگیرێت.بەرتەسکی ئەو بازاڕەی کە فلیمە ئێرانییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن وای کردووە تەنها دەروازەیەک بۆ چوونە ناو جیهان و تایبەتمەدییەکانی ئەو فلیمانە، فیستیڤاڵە سینەماییەکان بن،بەڵام ئایا ئەو فیستیڤاڵانە دەتوانن تەسەورێکی گشتیمان لەسەر سینەمای ئێرانی، یان سینەمای هەر پارچەیەکی تر لەم دونیایە نیشان بدەن ؟ بێگومان نەخێر.ئەو فلیمانەی کە بۆ فیستیڤاڵە سینەماییەکان دەپالێورێن بێ گومان ئەو فلیمانەن کە جیاوازیان لەگەڵ باقی ئەو فلیمانەدا هەیە کە لە هەمان ساڵداو لە هەمان چوارچێوەی جوگرافیدا و لە ژێر هەمان بار و زروفدا بەرهەم هێنراون.ئایا ئەم بۆچوونە بەو مانایەیە کە هەموو ئەو فلیمانەی کە لە فیستیڤاڵە سینەماییەکان بەشداری ئەکەن لە ئاستێکی باڵادان ؟ من بە نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە .ڕەنگە ئەمەش پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە گشتییە بێت کە لەسەر سینەمای ئێرانی هەیە.کەواتە چی وا دەکات فلیمە ئێرانییەکان فرسەتێکی باشیان لە بردنەوە و بەدەستهێنانی خەڵاتە جیهانییەکان هەبێت ؟ لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا،لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئازادی بیروڕا و ئازادی تاکە کەس و ئازادی سیاسی و .....تاد چوار چێوەیەکی بەرتەسکی هەیە ،تەنها سەرچاوە بۆ کەشف کردن و بەدەستهێنانی زانیاری و ڕووناکی خستنە سەر ژێرخان،ڕاگەیاندنە،بەڵام ڕاگەیاندنیش بەو هەموو سنوربەندییەی کە هەیەتی ناتوانێت سەرکەوتنێکی ئەوتۆ لە بەدیهێنانی ئەو وەزیفەیەدا بەدەست بێنێت.سینەما لەوێوە کە دەتوانێت ڕۆڵی چاوی بینەرەکان ببینێت،دەتوانێت خزمەتێکی باش لەم بوارەدا بکات،بەڵام ئەوەی کە کامیراکان تا چەند دەتوانن ڕاستگۆ بن لە پێچەوانە کردنەوەی حەقیقەتەکان ئەوەیان باسێکی ترە.کەواتە سینەماکارانی ئێران شتێک بە بینەری دەرەوە نیشان دەدەن کە بەوان نامۆیە.ئەو ڕووداوانەی کە ئەو فلیمانە دەیانخەنە ڕوو

ئەو ڕووداوانەن کە بە دەگمەن لە پارچەکانی تری دونیا فرسەتی ڕوودانیان هەیە.ئەو گرفتانەی کە ئەو فلیمانە خۆیانی لێدەدەن ،ئەو گرفتانەن کە لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیا وەکو دیاردەی سەیر و سەمەر چاویان لێدەکرێت.من بەم نموونەیە تەعبیر لەو بۆچوونانەی سەرەوە دەکەم.ئەگەر فیلێک بەریت بۆ یەکێک لە باخچەی ئاژەڵانی تایلەند،سەرنجی هیچ تایلەندییەک ڕاناکێشیت،هەمان فیل بێنە بۆ باخچەیەکی ئاژەڵان لە کوردستان ، لە ماوەیەکی کورتدا دەیان هەزار کەس بۆ بینینی ڕوو لە باخچەکە دەکەن.دیارە ئێمە لێرەدا بە گشتی قسە لەسەر سینەمای ئێرانی دەکەین،ئەگەر نا کۆمەڵێک فلیم هەن کە دەتوانین بە توحفەی سینەمای ئێرانیان بژمێرین، تەنانەت لە ئاستی دونیاشدا دەتوانن لەلیستی فلیمە باشەکان دابنرێن.کەس ناتوانێت چاو لە مەزنی فلیمی باران و منداڵەکانی بەهەشت و ئاوازی قاز و چەندین فلیمی تر بپۆشێت.بەڵام ئەوەی بۆ من لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە سینەما کارێک ئیش بۆ بەدەستهێنانی خەڵات بکات و هەموو تواناییەکانی خۆی بۆ ئەو مەبەستە خەرج بکات.ئیش کردنیش بۆ ئەو مەبەستە خۆی لە دوزینەوەی ئەو پرنسیبانە دەبینێتەوە کە فیستیڤاڵە سینەماییەکان لە بەخشینی خەڵاتدا لەبەر چاوی دەگرن.بە داخەوە زۆر جار زۆر لایەنی هونەری پشت گوێ دەخرێت و فلیمێک تەنها لە ڕێی خوێندنەوەی بابەتەکەیەوە خەڵات دەکرێت.هەر ئەمەشە کە زۆرێک لە سینەماکارانی ئێران بۆ دۆزینەوەی ئەو بابەتانە هان دەدات کە بەدەست هێنانی خەڵاتیان بۆ مسۆگەر دەکات.

وەزعی سیاسی ئێران و پەیوەندییە نێودەوڵەتییە گرژ و بەر ئاڵۆزەکانی هەروەها شەکڵی حوکمەتەکە وەک تاکە حوکمەتی ئیسلامی لە دونیادا و ئەو کارکردانەی کە ئاوها حوکمەتێک لەسەر ژێر خانی کۆمەڵگا دایدەنێت ،زیاتر سەرنجی بینەری ڕۆژئاوایی بۆ بینینی فلیمە ئێرانیەکان ڕادەکێشێت، بە جۆرێک زۆر جار دیمەنێکی زۆر سادە بە فەلسەفەیەکی قوڵ بارگاوی دەکات و لە قەوارەی خۆی زیاتر مانای پێدەدات.بێگومان لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نییە کە ئەو بابەتانەی کە لە فلیمە ئێرانیەکاندا دەخرێنە ڕوو شایانی ئەوە نین بخرێنە چوارچێوەی فلیمێکەوە، بەڵکو قسە لەسەر پشت گوێ خستنی لایەنی هونەرییە لە فلیمەکاندا.ئەگەر نەتیجە گیرییەک لەم وتارە بکرێت ئەبێت ئەوە بێت کە سینەماکارەکانی ئێران ئیش بۆ بینەری ناوخۆ ناکەن ،بەڵکو بۆ بینەری دەرەوە،ئەوان دەزانن فیلێک لە باخچەی ئاژەڵانی تایلەند کەس بۆ بینینی ناچێت.

**2006-2-19**